# هەوای ڕۆحکێشان




**سارا عومەر، دانیمارک**
**08.12.2006**
Xozga86@hotmail.com

**ئەم ئێوارەیەش وەک ئێوارە تەماوییە ڕەشداگیرساوە بێدەنگەکانیتر، پیرەمێردەکەی خووارو دوکانەکەی (وەستای قۆڵبڕ) بە تەنگەنەفەس لە شەقامە قوڕ و چڵپاوەکەی لای زێرابە شکاوەکەوە بە شەلە شەل دەهاتە خوارەوە و بەدەم ڕۆشتنەوە هەر جنێوی ئەدا و قسەی ناخۆش ناخۆشی دەکرد، دیاربوو هەمدیسانەوە ئەو خوێنمژانەی شار پەستیان کردبوو !**

**"" بەزیادی خێرم نەکرد، ئەمە چییانە ئەم خەڵکە گەلحۆیە هەر دەڵێی نە بایان دیوە و نە بۆران!!!""**

**بەدەم ئەم قسانەوە وەک ڕەشەبایەکی تیژ بە پەنامدا تێپەڕی و ئیتر مەگەر تەنها خودا بزانێت بۆ کوێ ملی ڕێگای گرت.**

ئەو ئێوارەیە زۆر ترسام ؛ وەم دەزانی خوانەکردە مامە پیرە تورە بووە و دەڕوات سەری خۆی هەڵدەگرێت و دەیداتە دامێنی کێوەکان، دەزانن ؟ کەم تا زۆر هەر واش دەرچووا!

من وردە وردە بە ترسێکی ئێجگار زۆرەوە بەرە و دوکانەکەی ""وەستای قۆڵبڕ"" هەنگاومناو لە ناکاو بینیم ئەوەی لەوناوەدا بوو هەر هەموویان دابویانە قاقای پێکەنین و دەنگیان دەگەیشتە ئەوسەری جیهان.
هەر لە منداڵێکی بچوکەوە کە تازە وەک جوجەڵە لە هێلکەکەی تروکاب و هەتا گەورەترینیان، کە بەهۆی قسەی زل و هیچەوە پێیان دەوترا "چاوڕاستی شار" بەڵام خۆش چاو ڕاست ! بڕواتا هەبێت چاویان هەموشتێکی تێدا بەدیدەکرا، تەنها ڕاستی و ڕێکوپێکی نەبێت !!

مامە پیرە ڕوخساری سەر و هەیکەلی و بەژن و باڵای لە هیچ کەسێکی دی نەدەچوو لەو شارەدا. ئەو پیاوێکی ڕیش درێژی سپی نورانی بوو. هەردەم ئەو کە جۆرە کەسانێکی شەلاتی دەبینی، کە بە لایەکی دەمەوە جگەرە دەکێشن و ژیانیش وەک کراسێک سەیر دەکەن، کە هەر کاتێک چڵکن بوو سوک و باریک کراسەکە دادەکەنن و بە ئاسانی هەنگاوێکی بەسەردا دەهێنن. ئەو بە بیروباوەڕێکی پاکەوە دادەنیشت، وەک باوکێک، زیاتر لە باپیرەیەک خەفەتی پێدەخوارد و چەند خولەکێک قسەی خێری بۆ ئەو کەسە دەکرد و دەیگوت :
""کوڕم ؛ تۆ ئەگەر دەخوازیت بژیت، نابێت قەڵەمباز بەسەر کێشەکانتا بهێنیت و خۆت نەکەیت بە خاوەنیان. من ناڵێم دابنیشە و شیوەن بە بەسەر ئەو ژیانەدا بکە، کە لەو بڕوایەدایت جار دوای جار زیندانیت دەکات. بەڵام باشتر وایە لە چۆنێتی ڕوودان و چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکت بکۆڵیتەوە، بەر لەوەی لەدەستیان هەلبێیت!! ""

ئەو هەمیشە هیوای ئەوە بوو یاریدەدەرێک بێت بۆ هەموو کەسێک، خەمخۆرێکی ئێجگار بەسەلیقە بوو، بەرلەوەی خێزانەکەی لە بناغەوە هەڵبوەشێت، بەڵام کەس ڕۆژێک لە ڕۆژان لە جوانێتی و پاکێتی ئەو پیاوە ووردنەبۆوە!!

هاوینێک، کچەکەی پیرەپیاوی دەموگفت شیرین لەتاو مامۆستای کیمیای، کە ڕۆژ نەمابوو نەیشکێنێتەوە بەبەرچاوی هاوڕێکانییەوە، ئەوەش بە ڕەخنەگرتن لە پۆشاکی بەری تا دەگاتە شێوازی ڕۆشتنی. ئەم ڕەفتارەی مامۆستاکەی کچەی لەبەردەم قوتابییەکانی تری هاوڕییدا شەرمەزار دەکرد. ئەو دەیویست کچە وەک قوتابیەکانی تر هەردەم سەری دابخات لە کاتی گفتوگۆدا، چونکە ئافرەت دەبوو وابێت ئەو سەردەمە !

**وە یان پێی دەگوت " هێی، کچی پیرباوک، هێندە هەڵسوکەوت و شێوازی وشە دەربڕینت گەورانە و لە ڕوو نەبێت، چونکە کەس لەم شوێنەدا لێت تێناگات!! کە پرسیارت لێدەکەن تەنها وەڵامی ئەو پرسیارە بگەیەنە، کە لێت دەکرێت، چ پێویست دەکات لە وەڵامەکانتدا بگەڕێیتەوە بۆ زەمانی بەرد و لەوێوە باسی چۆنێتی دروست بونی ژیانمان بۆ بکەیت... دانیشە**
**دەیییییی .... نامەوێت چارەشت ببینم ... خۆت لێکردوین بە فەیلەسوفی ئەم سەردەمە!**
**کەی ئێستا سەردەمی ئەوەیە قوتابی لە مامۆستا زۆرزانتر بێت ؟؟؟!!! "**
**ئەمەش بوو بەهۆی خۆفڕیدانی کچەوە لە باڵەخانەیەکی ئێجگار بەرزەوە، کە دواتر وا هەپرون بەهەپرون بوو، ناچار لە بەتانیەکیانەوە پێچاو بە کەڵکی شوشتنیش نەمابوو بەر لەوەی بنێژرێت!!**

**دوای چەند ماوەیەک مامەی بەساڵاداچوو کوڕە بچوکەکەشی لەدەست دا. ئەم کوڕەی ڕۆژ نەمابوو نەیەتە ماڵەوە و بۆڵە بۆڵی دنیا نەکات بەسەر خێزانەکەیدا. لەگەڵ لە دەرگای کۆڵان دەهاتە ژوورەوە، لە پێشدا بە مۆڕەوە سەیری دایکە زەلیلەکەی دەکرد، کە لە نۆبەیەکی دڵەوە توشی نەخۆشی شەلەل هاتبوو. داماوە دەمیشی گۆی نەدەکرد قسە بکات، ئەوەی بۆی دەکرا تەنها قوڵپە قوڵپ لە ناخەوە دەگریا و فریشتەئاسا فرمێسکە گەرمەکانی بە تاو بەچاوانیا بەرەو لای گوێچکە لە ئیشکەوتووەکانیدا شۆڕدەبوونەوە. ئەو هەردەم ڕادەکشا لەناو پێخەفەکەیدا. خۆ لە دوای کچەکەشی جێگای نوستنەکەی کرم تێی دابوو، کەسێک نەبوو ئاوڕی لێبداتەوە و دەستێکی خێر بنێت بە قاپی خوداوە و بڵێت ئەم ژنە پێویستی بە پاک کردنەوە هەیە !**

**ڕۆژێک کوڕە زۆر شپرزە بوو، کە هاتەوە بۆ ماڵەوە کیسێکی بچوکی پێبوو ڕاستەوخۆ خۆی کرد بە تەوالێتەکەدا و ئەو چونەی چووە ناوەوە نەهاتەوە دەرەوە هەتا دواتر بەمردوی مەیتەکەیان هێنایە دەرەوە و فڕێیان دایە ناو پیکابێک و تێیان تەقاند بۆ مزگەوت و هەر لەماوەی یەک کاژمێردا کفن و دفن کراو فڕێدرایە ناو چاڵێکەوە و بە پەلە پەل بەرلەوەی خۆر ئاوابێت سەری قەبرەکەشیان دایەوە!**
**تەنانەت کەسێک لە پرسەکەشیدا دانەنیشت، لە باوکە داماوەکەی و دایکە زەلیلەکەی زیاتر کەسێک خەمی بۆ نەخوارد! جا بزانن چەند لێی بێزاربوون!!**
**دواتر کە باوکی چووبووە شوێنی ڕووداوەکە لە پشتی سیفۆنەکەدا دەرزییەکی بینیبوو، کە پێدەچوو ماددەیەکی کوشندەی تێدا بووبێت. باوکی هەردەم دەیوت؛ ئەگەر کوڕەکەم توشی نەبووایە بە توشی ئەو ناکەسبەچانەی هاوڕێیەوە، ئەوا هەرگیز نەدەچووە ناو جیهانی حەشیشەخۆرەکانەوە و بەو شێوەیەش دلێ ئەم پیرەژن و پیرەمێردەی وێران نەدەکرد.**

تەنها دوای یەک ساڵ، مامە پیرە تەنها خۆی و ڕۆحی بۆ ژیان جێمان و ئەوەی هەیبونەیبو تەنها ژنەکەی بوو، بەڵام ئەویش لەمەراقی دوو منداڵە جوانەمەرگەکەی و بێکەسی خۆیدا و بەهۆی بۆگەنی ژوورەکەی گیانی لەدەست داو بۆ یەکجاری هەموو مامە پیرەیان بۆ ژیانێکی هەتا بڵێی دڵتەزێن بەجێهێشت!

دواجار من لەناو ئەو خەڵکانەدا خۆم بەدی دەکرد، کە هەموو دەستیان دابوە پێکەنین و قسەی هەلەقومەلەق و سوکایەتی کردن بە مامە پیرە. هەرلەوێوە ئەوەی هەستم پێکرد بەر لەهەموو شتێک هەواڵی بیستنی "" شێت"" بوونی مامە پیرە بوو! بەڵام چ شێتێک، خوای گەورە، تۆ بڵێی لە شێتی جوانتر هەبێت؟ بە تایبەتی مامە پیرە؟؟؟
ئەو ساتە هەر ئەوەندە بوو کسپە لە دڵم هەستێت، کە دەمبینی ئەو خەڵکە گەلحۆیە بەدەنگێکی گڕی بەرز و ناخۆش هەر یەکەو لەلایەکەوە دەیانگوت؛

""... ئەمجارەیان ئەگەر گۆرانیم بۆ نەڵێت، بەدار پشتی دەشکێنم!""

یەکێکی تر دەیوت؛

"" ...تەنها من دەمەوێت هۆنراوەم بۆ بخوێنێت، ئەوەی خەیام کە دەڵێت؛

ئەم خەڵکە لە کارگای خودا دێتە دەرێ

هەر کاری ئەویشە سیس دەبێ و هەڵدەوەرێ

ئەی خوایە گەر باش بوو لەپای چی نەتهێشت

گەر پوتو چروک بوو کێکردویە بەرێ

یان پیاوێکی خوێن سارد، کە ئەگەر بتانبڕیبایەوە چوارئەوەندەی ئەو منداڵ و مەزنانەی تێدا دەردەچوو، ئەوانەی لەو ناوەدا بێخاوەن گەلەکۆمەکێیان کردبوو، هەریەکە و لە ئاشێک گەنمی دەهاڕی، ئەو وەک دێو هاواری دەکرد و دەیوت "" دەبوو نەهێڵین ڕابکات، دەبوو هەر چوارپەلی ببەستینەوە و بە هەمووومان پاڵەبەستۆمان بخستایە سەری و یان سەمامان پێبکردایە یاخود هۆنراوەمان پێبخوێندایە، ئەو چرچەڵە پیرە خۆ هەر ئەوەی شایەنە کچی هەڵگیرا و کوڕی حەشیشەخۆر، ئەوانە هەر تێیان هەڵدەیت و هەتا دەمرن سوکایەتیان پێبکەیت باشە!""

من چاوەکانم هیچی نەدەبینی تەنها ئەو شەقامە نەبێت، کە پیاوەی نورانی ڕیش سپی بۆ خۆ دەرباز کردن لەو خەڵکە بێویژدانە بە هەناسەبڕکێ ڕایکرد بەسەریدا.
هەوڵم دا بڕۆم بیدۆزمەوە... هەوڵم دا یارمەتی بدەم ... دەمویست لە سوچێکدا بیگرم و هیچ نەبێت ماچێک لە دەستەکانی بکەم ( ماچ، کە مەزنترین هەستی خۆشەویستی و ڕێزداری مرۆڤە لەکاتەکانی تەنگانەدا). یان دەمویست کەمێک بە دەموچاویدا بڕوانم، داوای لێبکەم دڵگران نەبێت و گەر هیچ شوێنێکیشی نییە تێیدا بحەوێتەوە و لە قسەی خەڵکی بەدووربێت ئەوا من

کەلاوەیەکم هەیە بۆ پشوودان، سەرینێکیشم هەبوو لەگەڵیدا بەشم دەکرد و وەک باپیرەم سەیرم دەکرد. دەمویست ئەو فرمێسکانەی، کە بە ڕیشە سپیەکەیدا دەهاتە خوارەوە بە لەپی دەستەکانم بمسڕییایە بۆی. خۆ بەڕەیەکی شڕیشم هەیە، یەک جامیشم هەیە ئەگەر ئاوی ویست بۆ خواردنەوە. نەختێک تەنەکەشم لە کەلەبەرێکی کەلاوەکەدا هەڵچنیوە و کردومە بە شوێنی تارات گرتن. ئا... دڵنیابووم ئەو نوێژی دەکرد، دڵنیابوم ئەو ( ئەو بەیانیانەی خۆشدەویست، کە دڵۆپە شەونمێکی تێدا دەبینی بەڕوخساری گەڵایەکدا خۆی حەشارداوە و ئەویش خێرا پەلەی لە خۆی دەکردو نوێژێکی دوو ڕکاتی بۆ دادەبەست) . ئای لەو ڕوخسارەی بەو پیاوەوە بوو.. ئەڵماس بوو، ئەڵماس!

دوای ماوەیەکی خەفەتاوی زۆر، کە مامە پیرەم بینیەوە، بە بێدەنگی خۆیدا دەیڕوانی و لەسەر جادەکان کەوتبووا!! منداڵەورتکە بەردبارانیان دەکرد، هەر وەک چۆن سەگێک دەبینن بەرد بارانی دەکەن، ئەویش هەمان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، خۆ بەزیادی خێریشم نەکرد خێرخوازێکیش نەبوو پێیان بڵێت وا مەکەن، بۆتان نییە، ئەمە هەڵەیە، ئەمە ڕێزگرتن لە مرۆڤ نییە!!!

بە ڕاکردن ڕامکرد بۆ ئەوەی منداڵەکان ئاشبەتاڵ پێبکەم و چیتر وا لەو بەسەزمانە نەکەن، کەچی لەناکاو هەرچی خڕکەبەرد بوو پیایاندا کێشام خوێنی لە جەستەم دەهێنا، تا دواجار خۆیان وازیان هێناو ڕۆیشتن، چونکە دڵنیابوون یەکێکمان دەبێت بمرین!!

من لەتاو ئازار دەستم لە گەردنم توند کردبوو. هەرچی تۆپەڵە خوێن بوو دەمهێنایەوە هەموو گیانمی لە بناغەوە دەلەرزاند و زۆر دەترسام. خۆم دا بەسەر سنگی مامە پیرەدا و گوێم هەڵخست بە ترپەی دڵیدا، هەستم دەکرد ورده ورده کە چۆن کاژمێرێک پاترییەکەی کز دەبێت و دەنگی چرکەی چرکە ژمێرەکە خاو دەبێتەوە، تەپەی دڵی ئەویش بە هەمان شێوە خاوتر و خاوتر دەبووەوە.. هەناسەکانی سوار دەبوون. ئەوەی هەستیشم پێکرد چاوەکانی بوون، کە لە بینین کەوتبوون، ئەو بە دەنگێکی کزەوە وتی:

ئەڵا، ئەم بۆنە دەناسمەوە ، ئەمە بۆنی شێتیە، شێتێکی پاک، ئەم هەوایە... هەوای ڕۆحکێشانی منە، چەندە خۆشە ئیتر ڕزگارم دەبێت، لە کوچەیەکی تردا بەبێ ئەوەی سوکایەتیم پێبکرێت پشودەدەم.... پشویەکی کۆتایی ... ئاە!!

ئیتر دەستبەجێ دڵم هەواڵی دامێ، کە دەبوو تێر تێر لەسەر سنگی فرمێسک بڕێژم ، چونکە ئەوە دواساتەکانی بینین بوو لەگەڵ ئەو نورانییەدا .....